# شاعیر دەمرێت شیعر نا

## خوێندنەوەیەك بۆ شیعری پاكانەی موزەفەر نەواب.

سەدیق سەعید ڕواندزی

٢٠٢٢

★ ناوی کتێب: شاعیر دەمرێت ... شیعر نا.
★ بابەت: خوێندنەوەی دەقی شیعری پاکانە.
★ ناوی نووسەر: سەدیق سەعید ڕواندزی.
★ نرخ : ١٠٠٠ دینار.
★ بەرگ: تەیب موعتەسیم.
★ نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم – ٢٠٢٢.
★ چاپ: کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانێ _سۆران.
★ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٩٤٢) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.

پێشکەشە:

★ بە ڕوحی شاعیر و نووسەری شەهید دڵشاد مەریوانی، کە شیعری پاکانەی بە هەمووومان ناساند.

★ بەو قارەمانانەی لە نێوان پاکانە و پەتی سێدارەدا، پەتەکەیان هەڵبژارد.

لە بری پێشەکی:_

مـەرگی نـەوابی شـاعیری ئـازادیخواز و لـە بـەرەی گـەل، جارێکی دیکە شیعری پاکانـەی ئـەو شـاعیرەی هێنایـەوە بـەرباس و زۆرکـەس قسـەیان لـە سـەر شـیعرەکە کـرد. بێگومـان ئاسایە، کەسانێك لـە بارەی شـیعرەوە بـدوێن، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە، ئەو کەسانە لە دنیـای شیعر نەگەن و نەزانن شیعر چییە و چ پەیوەندییـەکی بـە زەمـەن و شـوێن، دنیـابینی شـاعیرەوە هەیـە. ئـەم نووسینەی ئێمە، هەوڵێکە بۆ خوێنـەوەی دەقـی شـیعری پاکانە، کە مرۆڤ لە سەر بنـەمای ڕەوشـتبەرزیی، ئاکـاری ئینسـانییانە، پــەروەردەی بــەرز، پــەروەردە دەکــات. شیعرێك کە تـا ژیـان مـاوە، لـە پـەیامی خـۆی ناکـەوێت، چونکە لە هیچ کات و سـەردەمێکدا، مـرۆڤ نـابێ بـیر لـە پاکانە، لە بەرانبەر دۆز و پەیامێکی مرۆییانە بکاتەوە.

سەدیق سەعید ڕواندزی

هاوینی ٢٠٢٢ ڕواندز.

## شاعیر دەمرێت ... شیعر نا

بە درێژایی مێژووی شیعر وەك ژانرێك لە ئەدەبی کوردیدا، هەمیشە شیعر هەڵگری ناوەڕۆك و گوتارێك بووە، کە لە شێوەی پەیامێکی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی، گوزارشتی لێکراوە. ئەزموونی شیعری ئێمە لە قۆناغی کلاسیکەوە تاکو شیعری ئازاد کە لە (گۆران)ی شاعیرەوە دەست پێ دەکات و ئیدی کێش و سەروا لە شیعردا نامێنێت و فۆڕمێکی ئازاد وەردەگرێت، هەڵگری ئەو گوتارە بووە. شاعیرانی ئێمە گەرچی دەرچووی هیچ نێوەندێکی ئەکادیمی و مەعریفی نەبووینە، بگرە دەرچووی تەکیە و خانەقاکان بووینە، بەڵام بەردەوام دیدێکی ڕەخنەیی و پەیامێکییان پێبووە، بە ئامانجی ڕیفۆرمکردنی کۆمەڵگە. بەشێك لە شاعیرانی ئێمە بە هۆی ئەو ڕۆشنبیرییە ئایینییەوە، خاوەنی پاشخانێکی فەرهەنگی و کولتووری بوونە، کە ئەمەش لە دەقەکانیان ڕەنگیداوەتەوە. شاعیرانی ئێمە، لە

چوارچێوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەی تیایدا ژیاون، شیعرییان نووسیوە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریەتی ڕووداوەکان و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەییەکان. هیچ کاتێك شیعریان لەدەرەوەی گوتار و مانا نەبینیوە، بەڵکو وەك مانفێستێکی هوشیارکردنەوەی تاکەکان بینیوە. ئەدەبی بەرگریی و لە نێویشیاندا شیعری بەرگریی، ڕەنگە ئاماژەیەکی ڕوونی ئەو پەیوەندییەی نێوان شیعر و کۆمەڵگە بێت، کاتێ شیعر دەبێتە ئامرازێك بۆ جۆشدان و هاندانی تاکەکان، بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی نەتەوە. کاتێ بوونی نەتەوە دەکەوێتە بەر سڕینەوە و نەمان، مەترسی لە سەر شوناس و بوون، ئازادی و سەربەستی مرۆڤەکان دروست دەبێت، بێگومان وەزیفەی شیعریش دەگۆڕدرێت. ئەدەب هیچ کاتێك لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتیدا، دابڕاو نییە لە سەرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە. لەو بارودۆخانەدا، واقیعی ژیان، بوون و مانەوە، پێویستی جۆرە ئەدەبێك و شیعرێك

دێنێتە ئاراوە، کە لە سەنگەری بەرگریی مانەوە و وەستانەوە لە دژ دوژمن دابێت. کاتێ قەڵەم و چەکیش هاوتای یەکتری، لە یەك سەنگەر و بەرەو ڕووی یەك دوژمن دەبنەوە، ئیدی کوانووی شۆڕش و بەرگریی جۆشدارتر و گڕدارتر دەبێت. بۆیە شتێکی سەیرە پێمان وابێت، شیعرێك چۆن باس لە حزبایەتی، ئایدۆلۆژیا و سیاسەت، خەبات و شۆڕشگێڕیی، لە هەڵومەرجێکی سیاسی و نەتەوەیی دەکات. ئەم شێوازە لە ئەدەب، بەرمەبنای ئەو هەڵومەرجەیە کە کۆمەڵگە تیایدا دەژیت. ئایا شیعری دوای ڕاپەڕین، وەك شیعری سەردەمی پێش ڕاپەڕینە ؟ لێرەوەش بە بڕوای من، زۆر گرنگە شیعر لە چوارچێوەی ئەو زەمەن و هەڵومەرجە مێژووییە ببینین، کە تیایدا هاتۆتە ئاراوە. هەموو دەقێکی ئەدەبی، زادەی زەمەن و شوێنێکی دیاریکراوە. ئەگەر دەق بەرهەمی بیرکردنەوە و دنیابینی نووسەر بێت لە هەڵومەرجێکی دیاریکراودا، ئەوا نووسەریش وەك مرۆڤێك لە زەمەن و شوێنێك دەژیت و لە بەریەککەوتندایە لەگەڵ واقیع و دەوروبەر. لەم

ڕوانگەیەشەوە، دیاردەکانی دەوروبەری دەبنە جێگەی تێڕامان و بیرکردنەوە، کە دواجار ئەمەش لە دنیابینی نووسەردا ڕەنگدەداتەوە، دواجاریش وەك پەیامێك لە چوارچێوەی گوتارێکی شیعری دەردەبڕدرێت. کەواتا، دەبێ شیعر لە چوارچێوەی ئەو زەمەنە ببینین، کە شیعرەکەی تیادا نووسراوە. ڕەنگە بۆ زەمەنێکی دیکە، تیمە و دنیابینی شیعری شاعیرێك، وەك زەمەنی ڕابردوو نەبێت و گۆڕانکاری بە سەر دابێت. بۆیە خوێندنەوەی دەقێکی شیعری، کە لە هەلومەرجێك نووسراوە و گوزارشت لە کات و سەردەم و کێشەکانی مرۆڤ لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەکات، بە تێڕوانینی ئێستا و هەڵسەنگاندنی ئێستا، ڕەنگە دروست و لۆژیکی نەبێت. ئەمە بەو مانایە نییە، کە دەقی شیعری یەك خوێنەوە هەڵدەگرێت و دەبێ لە چوارچێوەی زەمەنی خۆشی بخوێنرێتەوە، بە پێچەوانەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، ئێمە ناتوانین شاعیرێك ڕووبەرووی ئەو پرسیارە بکەینەوە کە بۆچی باسی خۆڕاگریی مرۆڤ لە زیندان و دانپیانەنان دەکات بە نموونە لە سەردەمێکی

وەکو ڕژێمی بەعسدا ؟ کاتێ شاعیرانی کورد، بێ جیاوازی لە پێش ڕاپەڕینەوە خەون بە ئازادیی لە ژێر ستەمی بەعسەوە دەبینن، ئایا هەمان خەونیان لە دوای ڕاپەڕینەوە هەیە؟ بێگومان نەخێر، بەڵام مانای وانییە خەونەکانی پێش ڕاپەڕین هەڵە بوون و مرۆڤیان فریودا. بۆیە دەبێ هەموو دەقێکی ئەدەبی، لە چوارچێوەی ئەو فۆناغە ببینرێت، کە دەقەکەی تیادا نووسراوە. یەکێکیش لەو شاعیرە دیارانەی کە شیعرەکانی دەچنە خانەی شیعری بەرگریی و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و خەبات لە پێناو سەربەستی و ئازادی مرۆڤدا، شاعیری عێراقی موزەفەر نەوابە. ئەم شاعیرە، هەموو تەمەنی خۆی لە زیندان و تاراوگەدا بردە سەر و شیعری پاکانەی، بە یەکێك لە دیارترین شیعرە سیاسی و شۆڕشگێڕیی و بەرگرییەکانی دادەنرێت. ئەم شاعیرە، کە لە بیستی ئایاری ئەمساڵ کۆچی دوایکرد، هەواڵی مردنی، ، جارێکی دیکە شیعری پاکانەی هێنایەوە بەر باس. ئەو شیعرە، کە لە ڕێگەی دەنگە بە سۆزەکەی حەمە جەزاوە دێتە نێو هزر و

کۆنەستی ئێمەوە، یەکێکە لەو دەقانەی نەواب، کە باس لە دایکێك دەکات و حاشا لە کوڕەکەی دەکات، ئەگەر پاکانە لە زیندان بکات. ئەم دەقە، بۆ سەر و بەندێك دەگەڕێتەوە، کە شیوعیەکان دەگیران و لە ژێر ئەشکەنجەیەکی سەختی بەعسیەکان دابوون. ئەم شاعیرە ئازادیخوازە، چونکە بە بیر و باوەڕی چەپ گۆشکرابوو، لە ڕێزەکانی حزبی شیوعی بوو، ئەم حزبەش قوتابخانەی پێگەیاندنی ئازادیخوازان بوو لە سەردەمی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، ئیدی لە ڕێی ئەو شیعرەوە گیانی ورەبەرزیی و خۆڕاگریی، لە ناخ و هزری مرۆڤ بینا دەکات. هانیان دەدات بە گژ سەختییەکانی زیندان و جەلادەکانی دابچنەوە و لە زیندان نەترسن. ورە بەرزبن و ژیانێك هەڵبژێرن، کە شکۆمەندانە و سەربەرزانە لێیان بڕوانرێت، نەك بە زەلیلی و سەر شۆڕی بێنەوە نێو کۆمەڵ. زۆر لەوانەی لە پەراوێزی مەرگی ئەو شاعیرە بە هەڵوێست و شۆڕشگێڕەوە، قسەیان لە سەر ئەو شیعرە کرد، شیعرەکەیان بە هێمای دژە ئازادیی و سەربەستی

مرۆڤەکان دەزانی و بڕوایان وابوو، دەبێ پەیوەندی دایك و کوڕ لەوە گەورەتر بێت، لە ڕێگەی پاکانە کردنەوە نەمێنێت. یاخود کەسی پاکانە کردوو، وەك کەسێکی ناچارکراو، ژیاندۆست کە لە پێناو ئازادیی و مانەوەی خۆی لە ژیاندا پاکانە دەکات و دەبێتە هۆکاری مەرگی ئەوانیتر، وەك مرۆڤ ببینین و چانسی هاتنەوە نێو ژیان و بازنەی خێزان و کۆمەڵگەی پێ بدەین، بەڵام ئایا ئەمە هەروا بە ئاسانی دەبێت؟ ئایا ئەوەی لەو شیعرەدا هاتووە، تەنها دیالۆگی نێوان دایك و کوڕەکەیەتی؟ ئایا دایك لەو شیعرەدا، کەسە یان نیشتمان؟ ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە یان سیاسی؟ بۆچی نابێ مرۆڤ پاکانە بکات و بە ئاسانی ڕادەستی دوژمنانی بێت بۆ ئەوەی تا ئەبەد بە سەر کزانە نەژیت؟ بێگومان ئەمانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەو شیعرەوە هەیە و ئەوە نییە دایکێك بەو پەڕی تووڕەیی و دڵ ڕەقیەوە، کوڕەکەی لە سۆزی دایکانە بێبەش دەکات و فڕێی بداتە دەرەوەی ژیان، ئەگەر پاکانەی کرد. ئایا کەسی پاکانەکردوو، دوای ئەوەی پاکانەی کرد،

هـەمان کەسـیەتی، ئاکـاریی مرۆیـی، پێگـەی سیاسـی و خێڵەکی و جەماوەریی و خێزانی، هـەروەك پـێش ساتی پاکانـە نەکردنەکەیـە؟ بـە تایبـەتیش لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و کۆمەڵگـەی ئێمـە ، کـە هـەڵگریی چـەندین خەسـڵەتی کۆمەڵایـەتی و پـەوەردەیی خۆیـەتی؟ ئـەم دەقە، لە ڕێـی تێکستەوە نـا، بـەڵکو لـە ڕێگـەی گوتنـەوە دێتـە نێـو هـزر و ژیـانی سیاسـی ئێمـەوە. پاکانـە، دوای ئـەوەی بـە دەنگـە بـە سـۆزەکەی حەمـە جـەزا وەك مەقامێك لە سەردەمێکدا دەگوترێت، کـە کـورد لـە ژێـر سـایەی دەسـەڵاتێکی سـتەمکار و جـەلادی وەك بـەعس دابوو، ئیدی بە ئاسانی ئەو شـیعرە دەبێتـە بەشـێك لـە تێڕوانین و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد. گومان دەکەم لە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا کەسـێك هـەبێت، ئەگـەر بـۆ تاکـە جارێکیش بێت، گوێی لەو شیعرە نـەبێت. بۆیەشـە گـەر سەرنـج بدەین، دەبینین شـیعری پاکانـە، بـە جۆرێـك لـە هزری ئێمە ئامادەیی هەیە و لامان خۆشەویستە، کە بـە بێ ئەوەی زۆران خـاوەنی شیعرەکەش بناسـن، خۆشـیان دەوێـت. ئـەم شـیعرە، لـە هەلومـەرجێکی سیاسـی و

داگیرکاریی و ستەمی نەتەوەیی دا، پانتایەکی گەورەی لە تێڕوانینی ژیانی سیاسیانەی ئێمە گرت. ئەگەر کەسانێکیش ئەو کات، لە ڕووی پرەنسیپەوە بڕوایان بەو گوتارە هەبێت کە لە دووتوێی شیعرەکەدا بەیان دەکرێت و ئێستا پەشیمان بوونەتەوە و ڕەخنەی لێ دەگرن، ئەوا هیچ لەو ڕەهەندە واتایە کەم ناکاتەوە کە ئەو شیعرە هەیەتی. چونکە ناوەڕۆکی ئەو دەقە هەر تەنها پەیوەست نییە بەوەی مرۆڤ نابێ پاکانە بکات، بەڵکو لەوە گرنگتر ئەو پرسیارەیە، ئایا دروستە ناپاکی لە هاوڕێ، نیشتمان، دایك، هاوسەنگەران و هەموو شتێك بکەین؟ نەواب کە لە شیعرەکانیدا وەك بگێڕەوەیەك چیرۆکی نەهامەتی و ستەمی سیاسی مرۆڤ لە عێراق دەگێڕێتەوە و داکۆکی لە ئازادی مرۆڤەکان دەکات، لە شیعری پاکانەشدا ڕوو لە مرۆڤ دەکات کە دەست بە ئاکارە جوانەکانی مرۆڤبوونەوە بگرێت و ژیانی کەسێکی دیکە نەخاتە مەترسییەوە، تەنانەت ئەگەر بە گیانی خۆشی بێت. لێرەوەش پاکانەکردن، تەنها پەیوەندی بە ڕزگارکردنی ژیانی کەسی پاکانە

هەوڵنامەی کتێب

کردوو نییە، بەو مانایەی کەسێك کاغەزێکی سپی واژۆ دەکات و دەستبەرداری بیروباوەڕی دەبێت و هەموو شتێك تەواو دەبێت، بە پێچەوانەوە، بە بڕوای من مەبەستی شاعیر لە بنەڕەتدا ئەوەیە، کە زیندانیکراوێك نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ژیانی هاوڕێکەی و بە هۆی دانپیانان و ڕووخانەوە ئەوانی تریش ڕووبەڕووی مەرگ بکاتەوە و دەیانی دیکەش بەو پاکانە کردنەوە بکەونە مەترسییەوە. کەسی پاکانە کردوو دوای پاکانەکردن، دەکەوێتە بەر نەفرەتی مێژوو، خێزان، کۆمەڵگە و بگرە هەمووان. وێنەی ئەو لە دیدی ئەوانیتردا، چیتر وەك وێنەی مرۆڤێك نییە، بەڵکو وەك ناپاکێك، بکوژێك دێتە بەرچاو، ئەمە حەقیقەتەکەیە، ڕەنگە زۆران بە دڵیان نەبێت، بەڵام واقیع شتێکی دیکەیە. دەمەوێ نموونەیەکی واقیعی باس بکەم. من منداڵ بووم، گوێبیستی چیرۆکێکی واقیعی و تراژیدی دەبووم، ئەویش ئەوە بوو، یەکێك هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی خۆی، تەسلیمی دەزگاکانی ئەمنی بەعس کردبوو، بە داخەوە بەو هۆیەوەش لە سێدارە درا. ئەو بە سەرهاتە

ڕاستەقینەیە، ئەو کاتە ڕوو دەدات، کاتێ هەردوو هاوڕێکە، کە لە ڕێکخستنی حزبێکی سیاسی کوردی بە یەکەوە کار دەکەن و لە ئەڵقەی بازنە نهێنییەکانن، بە یەکەوە بەرەو دانیشتنێکی نهێنی دەچن، بەلاّم یەکیان بە پاساوی کارێکی بچووك، خۆی دادەبڕێت و لەو پەنایەوە، ئەمە بەدەرفەت دەزانێت و بە داخەوە هەواڵ بە پیاوانی ڕژێم دەدات و هاوڕێکەی بە گرتن دەدات. ئەم ڕووداوە، سالاّنێکی زۆر و درێژی بە سەردا تێپەڕیوە، بەلاّم بە ئێستاشەوە تا مردنیش، ئەو کەسە وێنەی کەسێکی خیانەتکار، خۆفرۆش و داماڵدراو لە ئاکارە جوانەکانی مرۆڤایەتی، لە هزری من دەنوێنێت، بێ ئێوەی بیناسم و شێوەم دیتبێت. بێگومان ئێمە دەزانین کاتێ کەسێك لە سەردەمی بەعسدا زیندانی دەکرا، ئەمە ڕاستەوخۆ بە مانای کۆتایی هاتنی ژیانی و زیندانی بەعسیەکان تاقیگەیەك بوون کە هەموو ئەشکەنجە و ئازارێکی ئەو پەڕی هۆڤیانەی بەرامبەر مرۆڤەکان تیادا بەکار دەهێنرا، بەلاّم ئەمە نابێ پاساوی ئەوە دروست بکات، ڕەوایەتی بە ناپاکی و

پاکانـــەکردن بـــدەین و دانپیانـــان لـــە ســـەر هـــاوڕێ و هاوسەنگەر و هاوخەباتانمان بکەینە نـەریت. یـاخود بـە ئاسانی دەستبەرداری ئـەو بـەها و پرەنـسیپە سیاسـی و شۆڕشگێڕیانە بـین، کـە وەك ئایـدیای سیاسـی هەمانـە و پێی گۆشکراوین. دەشێ مرۆڤ بە پێی هەلومەرجی ژیـان و گۆڕانکـاری لـە تێگەیشـتنی سیاسـییانەی، هەڵوێسـت و تێڕوانینیشی بگۆڕێت، بـەڵام ئەمـە نـابێ لـە پـەراوێزی ناپاکی کردن، پاکانە و فرۆشتنی بیرو باوەڕ و هەڵوێستی سیاسییانەی خـۆی بێت. هەمیشـەش ئـەو مرۆڤانـە بـە نـــەمری و ســـەربەرزیی و شـــکۆمەندی لـــە مێـــژوودا ماونەتـەوە، کـە تـا مـردن دەسـتبەرداری بـیرو بـاوەڕ و ڕێبـازی سیاسـیانە و هزریانـەی خۆیـان نەبوونـە و هـیچ کـات شـۆڕش و خـەباتیان وەك پاداشـت و دەسـکەوتی کەسی و تایبـەتی نـەبینیوە. ئایا گیڤـاڕاو کاسترۆ، وەك یەك نەمرن و وەك یەك ناویان چۆتە نێو مێژوو؟ بـە ئێستاشـەوە وێنـەی گیڤـارا، بـە تـەوێڵ و ملوانکـەی ملـی هەمووانەوەیـە ، هـەر لـە بـاکوور بـۆ باشـوور و لـە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاواوە. ئەوە چییە گیڤارا نەمر دەکات؟

بێگومــان خــەبات لــە پێنــاو ئــازادی و سەربەســتی و مرۆڤایەتییــە. یــەکێك لــە ڕەگــەزە هونەرییــەکانی دەقــی شیعری پاکانە دیالۆگە. لەو شیعرەدا، هەریەك لە (دایك _ کــوڕ _ خوشــك) لــە نێــوان ســیانەی دیــالۆگ و قسەکردندان، بەڵام تەنها دایك و خوشکەکە قسە دەکەن و ڕووی قســەکردنیان لــە کارەکتــەری شــیعرەکەیە، کــە کەسی پاکانــە نــەکردووە. لێــرەوەش، دەکــرێ بڵێین ئــەم شــیعرە، دەچــێتە خانــەی شــیعری ئامۆژگــاریی، پــەروەردەکردنی سیاسی و هزریانــە، لــە چوارچــێوەی گوتــارێکی ئاراســتە کــراودا، چونکە دایکەکــە ئامۆژگــاری کوڕەکــەی دەکات کــە بــە هــیچ شێوەیەك بــیر لــە پاکانــە نەکاتــەوە. ئەگــەر لــە نێــو بازنــەی خێــزان و کۆمەڵگــە، پەیوەنــدی ڕوحیانــەی دایــك و کوڕێــك بڕوانینــە ئــەو گوتارە شیعرییە، بێگومان ئاسایە دایکەکــە بــەو شــێوەیە لەگەڵ کوڕەکەی بدوێت. چونکە ئێمە نابێ ئــەوەمان لــە بــیر بچــێت کــە یــەکێك لــە ئەرکــە ســەرەکی و بنەڕەتییــەکانی دایــك بــۆ منداڵــەکانی پەروەردەکردنــە. ئــەو پەروەردەیــە، لــە گۆشــکردنی بــە شــیری خــاوی

مەمکەکانییەوە دەست پێ دەکات. کەواتا دایك ئەو مافەی هەیە ڕێنوێنی کوڕەکەی بکات، لە سەر ئەو پەروەردەیە بڕوات کە بە ڕاستی دەزانێت و نەبێتە هۆی شەرمەزاری. ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ ئەو پەیوەندییانەی خێزان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، کە وەك وتمان لە پەراوێزی ئەو پەیوەندیانەدا، کەسیەتی و ڕەفتار و کردەی کەسەکان، دەچنەوە نێو یەك فەزا کە ئەویش خێزانە. بەو مانایەی دایکێك ناتوانێت خۆی لە هەڵە و ناپاکی منداڵەکەی بێ بەری بکات و پێی وابێت هیچ پەیوەندیەکی پەروەردەیی بەوەوە نییە بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتدا. بە بڕوای من، ئەوانەی وا تێگەیشتوون پاکانەکردن و دانپیانان، ناپاکی و هەڵگەڕانەوە لە بەها سیاسی و فیکرییە مرۆڤدۆستییەکان، لە لایەن مرۆڤێکەوە ئاساییە و پەیوەندی بە کەسە نزیکەکانییەوە نییە، لە ڕاستیدا ئەوانە ئەگەر گەورەترین و بەرزترین بڕوانامەی سۆسیۆلۆژیشیان هەبێت، بەڵام هیچ لە واقیعی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی خۆیان

نەگەیشتوون. دایکەکە، زۆرباش لەو پەیوەندییانە گەیشتووە و درکی پێ کردووە، بۆیەشە بە توندی و ڕاشکاوییەوە، داوا لە کوڕەکەی دەکات شەرمەزار و ڕیسوای نەکات. لێرەوەش بەر هوشیاریی سیاسی دایکەکە دەکەوین، کە ڕادەی تێگەیشتنی لە منداڵ، پەروەردەکردن و گۆشکردن بە ئاکاریی جوانی مرۆییانە درك پێ دەکات. بە بڕوای من، نەواب بەو پەڕی ئاگایی و هوشیارییەوە، دایك دەکاتە بگێڕەوە و بکەری شیعرەکە، نەك باوك. نەواب لێرەدا، ڕەچاوی دەیان پەیوەندی ڕوحی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی و خوێنی لە نێوان دایك و کوڕێکدا کردووە، بۆیەشە دایك دەکاتە چەقی ئەو پەیوەندییە و دیالۆگ لەگەڵ کوڕەکەی. دەسپێکی شیعرەکە، دایکەکە لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، منداڵی و یادەوەرییەکانی بە بیر کوڕەکە دێنێتەوە، لەو ساتانەی بەرە و زیندان دەچێت. واتا شوێن و زەمەن لە سەرەتای دیالۆگەکەدا دەرەوەی زیندانن، دواتر دەچێتە نێو فەزای زیندان. مەبەستی شاعیر لەو گەڕانەوەیە بۆ ڕابردووی منداڵی کوڕەکە لە

سەر زاری دایکەکە چییە؟ لە کاتێکدا ئێستا کوڕەکە گەورەیە و لە زیندانە؟ بێگومان گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای ئەو پەیوەندییە ڕوحی و دەسپێکییە، کە مندالّ بە دایکەوە گرێ دەدات. دایکەکە، دەیەوێت دڵنیابێتەوە لەوەی کە کوڕەکەی هەمان ئەو کوڕەیە کە ئەو دەیناسێت و لە ڕەحمی خۆی هەڵیگرتووە و پێی گەیاندووە؟ بەمەش جەخت لە پەیوەندی خۆی و کوڕەکەی دەکاتەوە، بەوەی کوڕێك، کوڕی ئەو بێت و ئەو گەورەی کردبێت و پێی گەیاندبێت، ئەستەمە پاکانە بکات و نابێ بیر لە پاکانە بکاتەوە، بۆیە لە دەسپێکی شیعرەکەدا، دایکەکە دەڵێت:_

**ڕۆڵە گیان.. ڕۆڵەی زیندان.. گەرچی کوێرم**

**بەڵام بە چاوی دڵمەوە بۆ لات هاتووم**

**مەگەر نازانی ڕێی زیندان بە چاوی دڵ بەدی دەکرێ؟**

**هەناو و بەندی جگەرم**

**خۆ بیرت دێ کە منداڵ بوویت دەمکردیتە**

**قەڵادۆشکان**

**دەستە نەرم و نۆڵەکانت لە سەر عەبا شڕەکەوە**

**لە سەر و پرچم دەئاڵان**

**ئێستاکەش هەمان ئەو پرچانەن بەڵام سپین**

**هۆن هۆن هەمووم هۆنینەوە**

**بۆ ڕەوابوونی تۆ بۆ ژین**

هەواڵنامەی کتێب

یەکێك لە دیارترین ئەو پرسیارانەی دایکەکە لە میانــەی دیالۆگەکــە لەگــەڵ کوڕەکــەی دەیکــات، ڕەوابوونی ژیانە. بێگومان ئەم چەمکە هەڵوەستە و بیرکردنـەوەی قـووڵی دەوێـت. ڕەوابـوونی ژیـان چییە؟ لەوە دیارتریش دایکەکە باسی ڕەوابـوونی ژیـانی خـۆی یـان کوڕەکـەی ناکـات، بـەڵکو باسی ڕەوابـوونی ژیـان بـە گشـتی دەکـات. مـرۆڤ کـە لـەدایك دەبێـت، هـەر لـە منداڵییـەوە تـا گـەورە

بوون و مردنی وەك دوا وێستگەی ژیانی، بە چەندین قۆناعی ژیان دەڕوات و لە میانەی ئەو ژیانکردنەدا لە نێو فەزایەکی گەورەی کۆمەلاّیەتی و پەروەردەیی کە پێی دەگوترێت ژیان دەژیت. لێرەوەش دایکەکە ، لە سەر ژیان بە تەنها ناوەستێت، بەڵکو لە سەر چۆنیەتی ئەو ژیانە دەوەستێت. هەموومان ناومان مرۆڤە و دەژین، بەلاّم چەندمان مرۆڤانە دەژین و ئاکار و ڕەفتارمان مرۆڤانەیە؟ کەواتا ئەوەی بەلای دایکەکەوە گرنگ و بە بەهایە، دەستگرتنە بەو ئاکارە بەرزەی مرۆڤبوون لە مرۆڤ جیادەکاتەوە، کە سەربەرزانە ژیانیش یەکێکە لە ئەدگارەکانی. دایکەکە، ڕەوابوونی ژین لە ڕەوابوونی کوڕەکەی و ڕەوابوونی کوڕەکەشی لە ڕەوابوونی ژین دەبینێتەوە. بەمەش هەردووکییان یەکتری تەواو دەکەن. ئەگەر کوڕەکە بژیت و ڕەوایەتییەك بەو

ژیانەی نەدات کە تیایدا دەژیت، ئەوا ڕەوابوونی ژیان لە ڕوانگەی دایکەکەوە دەکەوێتە ژێر پرسیار. بەمەش مانایەك بە بوون و ژیان دەدات و هاوکات کوڕەکەشی دەخاتە بەردەم ئەو بەر پرسیاریەتییەی کە بەبێ بوونی ڕەوایەتییەك لە ژیان، ئەوا مانایەك بۆ ڕەوابوونی خۆی و لە ڕێگەی ئەویشەوە بۆ دایکەکە نامێنێتەوە. ئەو ڕەوابوونەش، سەرچاوەکەی لەو پاکانە نەکردنە سەر دەگرێت، کە دایکەکە بە درێژایی شیعرەکە جەختی لێ دەکاتەوە و ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات کە هەرگیز سەر شۆڕی نەکات و بیر لە پاکانەکردن نەکاتەوە. دایکەکە، زۆرباش درکی بە دۆخی زیندان و هەلومەرجی ژیانی نێو زیندان کردووە، دڵنیایە کە زیندان شوێنی ئازار و ئەشکەنجەیەکی بێ سنوورە. زۆر باش ئەوەش دەزانێت کە مرۆڤی زیندانیکراو، زۆرینەیان

ئەستەمە بەرگە بگرن و ناپاکی نەکەن و پاکانە پڕنەکەنەوە، بەلاّم وێرای هەستکردن و تێگەیشتن لەو هەموو ئازار و دۆخە سەختانەش، کەچی هێشتا کوڕەکەی هان دەدات ورە بەرنەدات و نەڕووخێت، پاکانە پڕ نەکاتەوە. بێگومان ئەمە هەر تەنها پەیوەندی بە خۆڕاگریەکی ئاسایی نییە کە کوڕەکە دەبێ بینوێنێت لە هەمبەر زیندان و دایکیدا، بەڵکو پەیوەندی دووری بە کەسیەتی کوڕەکە و ناوبانگی دایك و بنەماڵەکەشی هەیە. ئەمەش دەمانباتەوە سەر ئەو نەزمەی کە تاکی ڕۆژهەلاّتی، ژیانێك دەژیت هەر هی خۆی نا، بەڵکو هی هەمووان. ئەوە تەنها خۆی نییە شوناسێك بە بوون و ژیانی خۆی دەدات، بەڵکوخێزان، بنەماڵە، خێڵ و کۆمەڵگەش، لەو شوناسەدا بەشدارن. بۆیەشە دایکەکە ڕژدە لەسەر ئەوەی کە کوڕەکەی بە هیچ

شێوەیەك بیر لە پاكانە نەكاتەوە. لێرەدا، پاكانە تەنها بەو مانا سادەیە نییە، كە كەسێك كاغەزێكی سپی پڕ دەكاتەوە و لە بیر و پرەنسیپەكانی پاشگەز دەبێتەوە، بەڵكو پاكانە لێرە، پەیوەستە بە ناپاكی نەكردن و نەدركاندنی ناوی كەسەكان و نهێنییەكان، لە پەراوێزی ئەو زیندانیكردنەی. دایكەكە، لە ڕێی گەڕانەوەی بۆ یادەوەری كوڕەكەی ئەو كاتانەی بچووك بووە، دەیەوێت دڵنیا بێتەوە لەوەی، كە ئەمە هەمان ئەو كوڕەی دوێنێیە كە ئەو پەروەردەی كردووە؟ هەر وەك دەڵێت:_

**سپێنەی ئەو دوو چاوانەت**
**شیری مەمكی داماویمە**
**ڕەشێنەیان شەونخونی شەوانی كولەمەرگیمە**
**تا چاوە بچكولەكانتم كرد بە دوو گڵۆپی ڕووناك**

**گڕوگاڵتم کرد بە قسەی جەماوەری خاوێن و پاك**

**تا ڕامهێنای لەگەڵ دەریای بێداری ژیان**

**بووی بە شێرێك**

**لە مەرگ نەترسی بۆ ژیان**

**مەبەستت هێندە فراوان بێ**

**ڕزگاری بێ بۆ گشت گەلان**

گەر سەرنج بدەین، دەبینین جیهانبینی دایکەکە، جیهانبینییەکی مرۆڤدۆستانەیە و ڕوانگەیەکی مرۆڤانەی گەورەی بۆ ژیان هەیە، کە ئامانجی هەر تەنها ڕزگارکردنی مرۆڤێك و گەلێك نییە، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتییە. ئەو هەر لە سەرەتاوە کوڕەکەی بەو دروشمە پەروەردە کردووە کە ڕزگاری گەلان ئامانجی گەورەی ژیانی بێت و لە پێناو مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا بە جیاوازی دەنگ و ڕەنگییانەوە تێ بکۆشێت و خەبات بکات و لە مەرگ نەترسی. بیر

هێنانـەوەی مـەرگ، وێنـاکردنی ئـەو ساتەیە کـە کوڕەکـەی لـە زینـدان دایــە و ئەگـەری مـەرگی هەیە، بۆیە کە مردنی بیر دێنێتـەوە، بـەوەی کـە هەر لە سەرەتاوە ڕایهێنـاوە لـە مـردن نەترسیت، دەبێ ئێستاش لە مردن نەترسێت و ئەو دروشمـە بـە کـردار پیـادە بکـات. بـە تایبـەتیش ئەگـەر پاکانەی نەکردوو سوور بوو لـە سـەر بیر و بـاوەڕ و ڕێبـازی خـۆی. کەسێك هـەر لـە سـەرەتاوە بـۆ مـردن ئامـادە کرابێت، کە ڕووبـەڕووی مـردنیش بـووەوە ئـەوا نابێـت بتۆقێت، بـەڵکو دەبـێ بـەو پەڕی بژاردەیەوە هەڵیبـژێرێت. دیـارە منـداڵ لـە کۆشـی دایکـەوە دەبێـت و پـێ دەگـات و گـەورە دەبێــت، بۆیــە منداڵــەکان هــەموویان کــوڕی دایکەکانن و گومان لەوە نییە، بەڵام دایکەکە لـەو شیعرەدا دەیـەوێت دڵنیابێتـەوە لـەوەی ئایا ئـەو کــوڕە هــەمان ئــەو منداڵەیــە کــە دەیکــردە

قەڵادۆشکان؟ یان بیر و باوەڕ و تێگەیشتنی، ئەو ئاکارەی پێی پەروەردە کراوە، زیندان گۆڕیویەتی؟ مرۆڤی زیندانیکراو بە تایبەتیش لە زیندانی بەعسییەکاندا، بە مانای مرۆڤێکی داماڵدراو و کردنی بە کەرستەیەکی بێ هەست و سۆز و هەڵگێڕانەوەی لە مرۆڤبوون، بە هۆکاری هەموو ئەو شێوازە ئەشکەنجەییانەی بەرانبەری دەکرا، بۆیە دایکەکە دوو دڵە لەوەی کە کوڕەکەی بە هۆکاری دۆخی نێو زیندان، گۆڕابێت و چیتر هەمان ئەو منداڵە نەبێت کە ئەو پەروەردەی کردووە، بۆیە کەسیەتی خۆی دەکاتە بەشە پێکهێنەرەکانی کەسیەتی کوڕەکەی و ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەی پێ دەگەیەنێت، کە ئەو کوڕی پەروەردەکراوی دەستی ئەوە و نابێت بیر لە پاکانە لە ژێر هەر ناو و پاساوێکەوە بێت بکاتەوە. تەنانەت ئەگەر بۆ ڕزگاریی منداڵەکەی

و دایك و خوشكەكەشی بێت. بۆیە دایكەكە ئەو دەروازەیەش لە كوڕەكەی دەگرێت و پێی دەڵێت خەمی منداڵەكەی خۆتت نەبێت، دوای مەرگی تۆش، كەسانێك هەن لایەك لە ژیانی كوڕەكەت دەكەنەوە. بۆیە لە بەردەوامی قسەكردنی بە خەیاڵ لەگەڵ كوڕەكەیدا، ئەمجارەیان دەڵێت:_

**ئێستا كوڕەكەتم لایە**

**شەوان بە دەم لای لایەوە دەڵێم**

**لایە كۆرپەم لایە لایە**

**سەرفرازیم لە خۆگرتنی باوكتایە**

**ڕزگاریمان لە خەباتی هاوڕێیانی بابە دایە**

**جەرگی جەرگەكەم لای لایە**

**خەفەت مەخۆ حزب لانكی منداڵێكە كە بێ لانكە**

**حزب باوكی منداڵێكە كە بێ باوكە.**

دایکەکە، ئەمجارەیان کردەی لاوانەوە دەگوازێتەوە بۆ کوڕەزاکەی، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە دەروونی و ڕوحییەی کوڕەکەی پڕ بکاتەوە، کە بە هۆی دابڕانی لە کوڕەکەی لە زیندان تێی کەوتووە. بۆیەشە دڵنیای ئەوەی پێ دەدات کە خەمی منداڵەکەی نەبێت و لە ئامێزی ئەو دایە. ئەم دڵنیاکردنەوەیە، جۆرێکە لە چاندن و بەردەوامیدان، بەو ورە و هێزە خۆڕاگرییەی هەر لە سەرەتاوە دایکەکە مەبەستییەتی لە دەروونی کوڕەکەی بیڕوێنێت. بەو مانایەی، ئەگەر بە هۆی دوورکەوتنەوە و دابڕان، غەریبی بۆ منداڵ و خێزان، کەسی زیندانیکراو ئەو هەستەی لا دروست بێت، کە لە پێناو شادبوونەوە بەوان دەبێ پاکانە بکات، ئەوا بە پێچەوانەوە، دایکەکە ئەو دەرگایەش لە کوڕەکەی دادەخات و بەر پرسیاریەتی

منداڵەکەی بۆ داهاتوو لە ئەستۆ دەگرێت. بۆیە لە ڕوانگەی دایکەکە، لە دەستدانی کوڕەکەی بە هۆی ئەشکەنجەکانی نێو زیندانەوە ئاساییە، بەڵام ئەو سەرفرازییە نەدۆڕێنێت، کە لە ڕێی متمانەی کوڕەکەی بە هاوڕێیانی، بە بیرو باوەڕەکانی، بە دەستی هێناوە. چونکە بە مانەوە و خۆڕاگریی کوڕەکە، ئەو شوناسە پیرۆز و شۆڕشگێڕییە دەگوزارێتەوە بۆ کوڕەزاکەشی. ئیدی ئەویش دەبێتە هێمایەك بۆ ئەو پاڵەوانەی لە زیندان پاکانەی نەکرد. لێرەدا، گرنگە ئاماژە بەو دێڕە بدەین کە باسی حزب دەکات. کەسانێکی زۆر، لەوانەی بەشداری ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتییان کردوو ڕۆژگارێك لە شاخدا لە پێناو ئازادی و سەرفرازی گەلەکەیان تێ دەکۆشان، دواجار نائومێد بوون و پاشگەزبوونەوە لەوەی کردوویانە و حزبییان بە

سەرچاوەی نەهامەتی، گەندەڵی، نادادپەروەریی و نایەکسانی دانا. لەو ڕوانگەیەشەوە ڕەخنەیان لەو شیعرە و تێگەیشتنی نەواب بۆ حزب گرت. بێگومان نەواب لەو شیعرەیدا، لە سەر زاری دایکەکە، باسی حزبێك و ئایدۆلۆژیاییێکی دیاریکراو ناکات، ئەگەرچی خۆشی شیوعی بووە و دەشێ مەبەستی حزبی شیوعی عێراقی بێت، بەڵکو مەبەستی شاعیر، حزبە وەك ئامرازێك بۆ ڕێکخستن و ئاراستەکردنی جەماوەر، لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی بە هێزی جەماوەرییانە، تا دواجار بتوانێت ببێتە جێگەی خەونی ئازادی هەمووان و بزوێنەری خەبات و شۆڕش. دیارە ئەمەش بۆ ئەو سەردەم و قۆناغ، وەك پێویستییەکی مێژوویی و شۆڕشگێڕیی قۆناغەکە بینراوە. کاتێکیش حزبێك ناتوانێت ببێتە لانکە و باوکی منداڵێگ کە باوکەکەی لە

ڕێگەی ئەو ئایدیایەوە گیانی بەخشیوە، ئەوا بە بڕوای من گرفت لە حزب نییە، بەڵکو لەو ئەقلیەتەیە کە حزب بەڕێوە دەبات. ئەقلیەتێک کە ڕەنگە نەیتوانیبێت لە ئاستی خەون و ئاییندەی هەمووان بێت و دواجار لە هەموو ئەو دروشم و گوتارانە پاشگەزبێتەوە، کە هەڵیگرتوون. بۆیە ئاماژەکردن بە حزب، مانای حزبێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو هەر حزبێکە کە بتوانێت ببێتە شوێنگرەوەی منداڵێکی بێ باوك. لەلایەکی دیکەوە گەر سەرنج بدەین، دایکەکە بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کوڕەکەی نابێ پاکانە بکات، بۆیەشە هەوڵی ئەوە دەدات هەموو ئەو بەهانە و پاساوانەی ببڕێت، کە دەشێ ڕەوایەتی ئەوە لای کوڕەکەی دروست بکەن بیر لە پاکانەکردن بکاتەوە. بۆیە ئامانجی دایکەکە لە سەرەتا و کۆتاییدا ئەوەیە، کە بە هیچ شێوەیەك

بیر لە پاکانەکردن نەکاتەوە، چ جای ئـەوەی ئـەو پاکانەیــە بکاتــە کــردار. ئــەمجارەیان تونــدوتر ڕژدتر، پەیامەکـەی ئاراسـتەی کوڕەکـەی دەکات و دەڵێت:_

**شیرم بە توتك حەڵاڵ بێ**
**نەك ئەو کوڕەی پاکانەی لە خەیاڵ بێ**
**کوڕم من حەز دەکەم گەڕ بم لە چڵکانا**
**ڕۆڵە من حەز دەکەم بمرم لە برسانا**
**ڕۆڵە من حەز دەکەم چاوەکانم کرمە ڕێزبن لە زیندانا**
**بەڵام کوڕەکەم بەر نەبێ بە پاکانە**
**ڕۆڵە ئەوەی پاکانە پڕ دەکاتەوە**
**دووبارە کۆست دەخاتەوە**
**شەهیدەکان لە نوێ شەهید دەکاتەوە.**

بە بڕوای من، دوو دۆخی کەسی و سایکۆلۆژی لێرەدا دەبێ لە بەرچاو بگیرێن، ئەوانیش کەسێك کە لە زیندان دایە و فشاری پاکانەکردنی بە زۆری لە سەرە، لەگەڵ کەسێك کە لە دەرەوەی زیندانە و دوور لە هەموو جۆرە فشارێك، خۆویستانە لە بیروباوەرێك، سەنگەر و دروشمێك، ئایدۆلۆژیایەك پاشگەز دەبێتەوە و خۆی بێ بەری دەکات. بە داخەوە زۆر لەوانەی خوێندنەوەیان بۆ ئەو دەقە کردووە، لەو دۆخانە تێ ناگەن و لە یەکتریان جیاناکەنەوە، بەڵکو ئەوان بڕوایان وایە، مرۆڤ ئازادە لەوەی چی دەکات و چۆن هەڵسوکەوت دەکات، چونکە ئەمە بەشێکە لە ئازادییەکانی خۆی کە ئایا پاکانە دەکات یاخود نا؟ بۆیە نە دەبوو دایکەکە و خوشکەکەش هێندە نا مرۆڤانە و دڵڕەقانە کوڕەکە ڕیسوا بکەن ئەگەر پاکانەی کرد. لە

ڕاستیدا، پاکانە لە دۆخی یەکەمدا، بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێت بە دۆخی دووەم، چونکە لەوەی یەکەمیاندا، پەیامێکی مرۆیی و سیاسی، ڕەوایەتی دۆزێك، ئامانج و خەونێك بۆ داهاتوو هەیە، کە دەشێ لەوەی دووەمیان نەبێت. بە دەربڕینێکی تر، دەشێ کەسێك کە ئازادانە لە دەرەوەی زیندان پاکانە دەکات، هیچ لە دەست نەدات، بەڵام ئەوەی لە نێو زیندان دەیکات، دۆزێك و پەیامێك دەدۆڕێنێت، کە هی خۆی نییە بە تەنها، بەڵکو هی هەموو هاوسەنگەر و هاوڕێبازەکانییەتی، وەك ئەوەی دایکەکە باس لە خۆڕاگریی و خەباتی هاوڕێیانی کوڕەکەی دەکات و بە درێژەپێدەری پەیامی ئەویان دەزانێت. بۆیە ئەگەر بیر لە پاکانە بکاتەوە، ئەوا بۆ جارێکی دیکە، شەهیدەکان لە نێو گۆڕ شەهید دەکاتەوە. شەهیدبوون لێرەدا، ڕەهەندێکی

جەستەیی و فیزیکی نییە، بەڵکو سیمبولی و ڕوحی هەیە، کە دەلالەت لەوە دەکات نابێ پشت بکاتە بیروباوەڕی هاوڕێکانی و لە ڕێگای تێکۆشان و سەنگەری ئەوان لابدات. لێرەوەش نەواب بە ئاگایەکی زۆرەوە ئەو شیعرەی نووسیوە، ئەو ئاگایە چ لە بە بکەرکردنی دایك و خوشکەکە بێت، چ لە ڕووی شوێنەوە بێت کە نێو زیندانە. ئایا نەواب بۆچی دایکەکە دەکاتە هەڵگری پەیامەکە؟ مەگەر کوڕەکە کوڕی باوکیشی نییە؟ بۆچی پاکانە و زیندان بە یەکەوە دەبەستێتەوە؟ ئایا نەدەکرا شوێن لەو شیعرەدا دەرەوەی زیندان بووایە و لە بری دایکەکە باوك ئەو وتوێژەی لەگەڵ کوڕەکەی بکردایە؟ بێگومان مەبەستی لە بە کارەکتەرکردنی دایکەکە و پێدانی ڕۆڵێکی پەیامبەرانە ئەوەیە، کە ئەو تێگەیشتنە لای هەموو نێرێك دروست بکات، کە هیچ کاتێك بیر

لە پاکانە نەکەنەوە، بەو پێیەی ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ زیاتر، ڕووبەڕووی زیندان و گرتن و لە سێدارەدان دەبێتەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، ئەو بە پاڵەوانکردنەی دایك و خوشکەکە وەك ڕەگەزی مێ، جۆرێك لە گەورەی و شکۆمەندی، ئیڕادە و خۆڕاگری دانە بە ڕەگەزی مێ، کە ڕەنگە وا وێنا بکرێت بوونەوەرێکی ڕۆمانسییە و هەست و سۆزی دەجوڵێت و بەرگەی لە دەستدانی کوڕەکەی ناگرێت، بە پێچەوانەوە، شاعیر دایك دەکاتە هێمای گەورەیی، خۆڕاگریی و وره بەرزی، کە هیچ باکی بەوە نییە کوڕێکی لە زیندان دەکوژرێت یان نا؟ ئەگەر لە پێناو سەربەستی و ئازادی بێت. تەنانەت دایکەکە، شیری خۆی بۆ توتکە سەگێك حەڵاڵ دەکات، بەڵام بۆ کوڕێکی نا کە پاکانە بکات، ئەمەش قورسایی ئەو کارە و مەترسی و

لێکەوتەکانی دەردەخات، کە کاتێ مرۆڤێك پاکانە دەکـات، دوای پاکانەکردنەکـەی وێنــەی خـۆی و کەسە نزیکەکانی لە چاوی ئەوانی دیکەدا چۆنە. لەلایەکی دیکەوە، دەبێ ئەو پرسیارە بکەین، کە بۆچی شاعیر شیری دایکەکە بۆ بێچووە سەگێك حەلاڵ دەکات نەك کوڕەکەی؟ بۆچی باسی توتـك دەکـات و نـاوی گیانــەوەرێکی تـر ناهێنێـت؟ بـە بڕوای من، ئەمە پەیوەندی بـەو ناساندنە هەیـە، کـە بـۆ ئـەو گیانــەوەرە لـە کۆمەلگـەدا دەکرێـت. سەگ لە کولتووری کۆمەلاْیەتییانـەی عەرەبـەکان و ئێمەش، پێگەیـەکی ئـاژەڵی و کۆمەلاْیەتییانـەی هەیە و  هێمای وەفادارییە و هەرگیز ئەو وەفایـە و شـتێك لـە بیر ناکات کـە پێـی دەبەخشن. واتـا وەفـای هەیـە بـۆ مـرۆڤ و چـاکە و کارەکـانی کـە بەرانبەری دەکات، بۆیـە هەمیشـە دەگوترێت:_ ( سـەگ لـە مـرۆڤ بـە وەفـاترە) لێـرەوەش دایکەکـە

دەیەوێت، کوڕەکەش بە هەمان شێوە وەفادار بێت بۆ ڕێبازەکەی و پاکانە نەکات. بە دەربڕینێکی تر، ناڕاستەوخۆ دەیخاتە ژێر ئەو بەرپرسیاریەتییە ئەخلاقییەی کە چۆن دەبێ سەگ وەفادار بێت، بەڵام مرۆڤ نا؟ لە کاتێکدا مرۆڤ ئاوەز و تێگەیشتنی هەیە؟! بڕواناکەم شاعیر هەر لە خۆوە و بێ ئاگایانە، توتکە سەگێك وەك گوزارشت و دەربڕینێکی زمان لە نێو شیعردا بەرجەستە بکات. لێرەوەش ئێمە لە بەردەم دەقێکی شیعری داین، کە هەموو وێنە و ڕەگەزە هونەرییەکانی یەکتری تەواو دەکەن، وەك کات و شوێن، دایك و خوشك، ڕووداو و کردەی ئەنجامدانی کارێك. لەو سۆنگەیەشەوە، ئەگەر چی نەواب بە شاعیرێکی میللی ناو دەبرێت و ئەو میللیبوونەش لە زمانی شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام لەو شیعرەیدا بە ئاگایەکی

هزریی قووڵ و هوشیارییەكی سیاسی گەورەوە دەدوێت. هەڵبەتە، دایكەكە بە درێژایی فەزای نێو شیعرەكە و دیالۆگەكانی، لە دۆخێكی دڵەڕاوكێی قووڵ و توند دایە، ئەو دۆخە وردە وردە بەرەو شڵەژاوی زیاتر دەچێت و ئەم شڵەژاوییەش ڕەنگدانەوەی لە سەر قسەكانی و تێڕوانینەكانی دەبێت. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین پەیامی دایكەكە بۆ كوڕە زیندانیكراوەكەی لە سەرەتادا ئاساییە، دواتر توند و پاشانیش دەگاتە ئەتمۆسفێرێكی بەرز لە ڕق و تووڕەیی. دایكەكە سەرەتا هێمنانە كوڕەكەی دەدوێنێت، پاشان وردە وردە وێنای ئەوە دەكات كوڕەكەی بڕوخێت، بۆیە ئاگایاكی بۆ دەنێرێت و شیری مەمكەكانی خۆی لێ حەرام دەكات و دەیداتە توتكێك، پاشان بە خەیاڵ دێنێتە بەرچاوی، كە كوڕەكەی پاكانەی كردووە.

بۆیە بە درێژایی ئەو دۆخە دەروونییەی دایکەکە تێیدایە، هاوکات قسە و پەیوەندی و پەیامەکانیشی، گۆڕانی بنەڕەتییان بە ئاراستەی ڕق و تووڕەیی زیاتر بەرانبەر کوڕەکەی بە سەر دادێت. ئەمجارەیان دەڵێت:_

**ناوی پاکانە نەهێنی**

**سەرباری ئەو زەبوونییەم نەکەی شەڕەفم بشکێنی**

**ڕۆڵە نەکەی ڕێگای خۆت و هاوڕێکانت بیر بچێتەوە**

دایکەکە، کردەی پاکانەکردن یەکسان دەکات بەلە دەستدانی شەڕەف، ئاشکراشە وشەی شەڕەف لە کولتووری کۆمەڵایەتییانەی شاعیر، مانایەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی و خێزانی هەیە و یەکێکە لەو سەرمایە سیمبولیانەی کە لە

دەست درا، بەدەست ناهێنرێتـەوە. لـە کۆمەڵگەی شـاعیر و ئێمەشـدا، نـەمانی شـەرەف، ڕووشـان و تکانی، لە دیدی هەمووواندا بە مانای لە دەستدانی ژیـان بـۆ ئەبـەد دێـت. بگـرە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا لـە دەسـتدانی شـەرەف، بـە مانـای لـە دەسـتدانی کەرامـەت بـە هـەموو ڕەهەنـد و ماناکانییـەوە دێـت. بۆیـە دایکەکـە وێـرای ئـەو هـەموو زەبـوونی و نەبوونییـەی کـە هەیـەتی، وێرای سەختی ژیان و ڕۆژگار و هاتنـەوە بـە گژ هـەموو ئازارەکـانی ژیانـدا، کـە چـی هێشـتا پاکانـەکردنی کوڕەکـەی لـە هـەموو ئەمانـە پـێ مەترسـیدارتر و بـە ئـازارترە ، چـونکە ئـەو دەتوانێت بەرگەی هەموو شتێك لە ژیان بگرێـت، بەڵام پاکانەی کوڕەکەی نا، کە دەیبەستێتەوە بـە شکاندنی شەرەفی. ئەو بە لە دەستدانی کوڕەکـەی، تـەنها کوڕەکـەی لـە دەسـت دەدات، بـەڵام بـە

پاکانـەکردنی کوڕەکـەی، ئـەوا مـۆڕاڵ و شـوناس و پێگـەی کەسـی و خێزانـی و کۆمەڵایـەتی و بـە کـورتی هـەموو ژیـان دەدۆڕێنێـت. ئێمـە سـەرەتا باسمان لەوەکرد، کە کردەی پاکانـە لـەو شـیعرەدا، بـە بـڕوای ئێمـە هـەر تـەنها لـەوەدا کـورت ناکرێتـەوە کـە کاغـەزێکی سـپی پـڕ دەکرێتـەوە، بەڵکو پرسەکە زۆر لەوە گەورەترە و یەکسانە بـە شکاندنی شەرەف و ئەخلاق و بەڵێن و دواتـریش هەڵگەڕانـەوە لـە ڕێبـازێکی پـیرۆز کـە ئامـانجی ڕزگارکردنی مرۆڤە لـە ژێردەستەیی و کۆیلـەیی. بۆیـە هـەر پاکانـە کردنێـك، بـە مانـای سڕینەوی هەموو ئەوانە دێت، تا ئـەو ڕادەیـەی دایکەکـە بـە تاسـەوە بـاس لـەوە بکـات کـە نەکـەی شـەرەفم بشکێنی. هەموو ئەو ئاگایانە، دەلالەتن لەوەی کـە دایکەکە چەند قووڵ لە پاکانە گەیشتووە، چـەند هزریانـــە و هوشـــیارانە، درك بـــە مەســـەلە

سیاسییەکان دەکات و لە هەمووشی گرنگتر، چۆن مرۆڤدۆستانە بیر دەکاتـەوە و ئامادەیـە کوڕەکـەی بکاتە قوربانی ڕێبازێك، کـە سەربەسـتی و ئـازادی هەمووانی لێ دەبینێتەوە. لێرەوەش لە نێـوان لـە دەسـتدانی کوڕەکـەی و بـەردەوامی ڕێبازەکـەی، ئەوەی دووەمیـان هەڵدەبـژێرێت. بەمـەش شاعیر وێنـەی دایکێکمـان پیشـان دەدات کـە نـەك هـەر خۆڕاگر، بە هێز و ورە و بوێرە، بـەڵکو بـاکی بـە هیچ لەو ئازارانەش نییە، کـە لـە دوای لـە دەست دانی کوڕەکەی دەیچێژێت، چونکە ئـەو ئـازارە بـە بەراورد لەگەڵ ئەو ئازارە ڕوحی و کۆمەڵایـەتی و میللییەی کە بە هۆی پاکانـەی کوڕەکەیـەوە بـۆی دروسـت دەبێـت هـیچ نییـە. مـرۆڤ لـە نێـوان لـە دەسـتدانی شـتێك بـە تـەنها و هـەموو شـتێك، بێگومـان دەبـێ یەکـەمیان هەڵبـژێرێت. کـاتێ کوڕەکە بە پاکانە بەردەبێت، خـۆی ئـازاد دەبێـت،

بــەلاّم دایكەكــە و ڕێبازەكــەی، خوشــكەكەی و خێزانەكــەی، مــۆڕالّ و شوناســە كۆمەلاّیــەتی و خێزانیەكەی لە دەست دەدات. ئەمەش قسەیەكی مەسـیحم بـیر دێنێتـەوە كـە دەلّێـت:_( چـی بـە كەلّكی مرۆڤ دێت، ئەگـەر هـەموو دنیا بەرێتـەوە و خـۆی بـدۆڕێنێت) لێـرەوەش دایكەكە ئامادەیـە كوڕەكەی لە دەست بدات بەلاّم شـەڕەفی نەشـكێت، چـونكە دەزانێـت بــە مردنــی كوڕەكــەی، تــەنها كوڕەكەی لە دەست دەدات، بەلاّم بـە پاكانـەكردنی شەڕەف لەدەست دەدات. هـەمووشمان دەزانـین لـە كۆمەلّگــەی شــاعیردا، لــە دەســتدانی شــەڕەف، یەكسانە بە لەدەستدانی ژیان، وەك ئەوەی لە نێو ئێمەشـدا هـەر وەهـا بـاوە. دایكەكـە، هـەر تـەنها بـەوە دلّنیـا نابێتـەوە كـە كوڕەكـەی نـاوی پاكانـە نـەهێنێت یـاخود شـەڕەفی نەشـكێنی، بـەلّكو داوای بەلّێن و پـەیمان لـە كوڕەكـەی وەك گرێبەسـتێكی

کۆمەڵایەتی  لە نێوان خۆی و ئەودا دەکات، تاکو بە تەواوەتی دڵنیابێتەوە لە خۆڕاگری هەروەك دەڵێت:_

بڵێ دایە سوێند بێ بەو پرچە سپیانەت
دڵۆپ دڵۆپ سوێند بێ بە شیری حەڵاڵی ئەو مەمکانەت
تۆ دایکمی سەری دایکێك نانەوێنم
بە شیری گۆشی کردبم
بینای حزبێك ناڕووخێنم
بەخوێنم گۆشم کردبێ

دایکەکە،  دەیەوێت کوڕەکەی سوێند بە پرچی سپی ئەو، شیری مەمکەکانی بخوات، نەك شتێکی دیکە، ئەمەش دیسانەوە جەخت کردنەوەیە لەو گوتارەی کە پێگەو بەهای دایك لە چوارچێوەی خێزان و لە پەیوەندی بە منداڵەکانیدا هەیەتی. کە دیارە دایك پیرۆزی و گەورەی خۆی هەیە و

ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە سەر سوێندەکە دەبێت، دوای ناپاکی نەکردنیشی لە دایکی، دەبێ بەڵێنی ئەوەش بدات، بینای حزب نەڕووخێنێت. ئایا بینای حزب چۆن دەڕووخێت؟ بێگومان بە نەمانی پێگەی جەماوەری، ڕێکخستن و وازهێنانی ئەندامەکانی، کە بە بڕوای من ئەمەش پەیوەستە بە نەدرکاندنی هیچ نهێنی و ناوێك لەلایەن ئەندامانی حزبەوە، لە دۆخی زیندانیکردنیاندا. دەنا بینای حزبێك بە ئاسانی و بە تەنها بە پاکانەی کادیرێك و ئەندامێکی ناڕووخێت، بەڵام وەختێ دەبێتە مۆدەوە ڕەوایەتی بە کاری پاکانەکردن دەدرێت، ئیدی بینای حزب دەکەوێتە بەردەم مەترسی، بۆیەشە دایکەکە بە پێداگیرییەوە داوا لە کوڕەکەی دەکات بە هیچ شێوەیەك ناوی پاکانە نەهێنێت و شەرەڤ نەشکێنێت. دوای دایکەکە لە دیمەنی

دووەمــدا، ئــەمجارەیان خوشــکەکەی دێــت. گــەر سـەرنج لـە گوتـاری ئاراسـتەکراوی خوشـکەکە بـدەین، دەبیـنین یـەکجار تونـدتر و تـوڕەتر لـە دایکی بە گژ براکەی دا دێتەوە. ئەمە لـە کاتێکدا خوشك، هێمای سۆز و میهرەبانی و ڕەحمێکی بـێ سـنوورە بـۆ بـرا، کـە بەشـێکە لـە سرووشـتی بایۆلۆژیانـەی ڕەگـەزی مـێ، کـە سـۆزدارترن لـە ڕەگــەزی نێــر. بــەڵام هــەموو ئــەو ســۆز و میهرەبانییە وا لە خوشك ناکات پاساوی ئـەوە بـە براکـەی بـدات کـە پاکانـە بکـات. بـەڵکو ئـەویش هاوشــێوەی دایکەکــە، جــەخت لــەو پەیامــە دەکاتەوە، کە تیایدا بە هیچ شێوەیەك شوێنێکی بـۆ پاکانـەکردن تیـادا نابێتـەوە. خوشـکەکە لـە سەرەتادا، هەمان ئەو ئازارە دەبینێت کە دایکەکـە بینیویەتی، بۆیە دەڵێت:_

**کاکە گەرمی و ساردی هەموو زیندانەکانم**
**چەشتووە**
**هاتوومە لات جنێو وتف و نەفرەتی یاساوڵم بە**
**داوێنم هەڵگرتووە.**
**نزاو نزام ڕژاندۆتە ژێر پۆستاڵی ژەندرمەوە**
**شیشی ژەنگاوی زیندانم بە زمان لستۆتەوە**
**کەچی ئەنجام لە سووچی ڕۆژنامەیەکدا**
**بە پاکانە پڕکردنەوە پاداشتم دەدەیتەوە**

بێگومان ئەگەر ئازاری دایکەکە، تەنها ئازارێکی ڕوحی بێت، ئەوا هی خوشکەکە جەستەیی و ڕوحیە و لە پەراوێزی ئەو ئازارەشەوە، هەموو نەهامەتی و ئەتککردن و شکاندنێکی چەشتووە، لە دەرەنجامی گرتنی براکەیدا. ئەو ئازارانە، تا ئەو چرکەساتە بەر مەبنای ئەوەنە، کە براکەی پاکانەی نەکردووە و لە ڕێبازکەی خۆی بێبەری

نـــەكردووە. ئـــەو ئامادەیـــە ئـــازاری لـــەوە بـــە سـوێتریش ببینێـت، بـەڵام براكـەی نـاوی پاكانـە نەهێنێت. هاوهەڵوێستی و هاوتێگەیشتنی دایك و خوشــكەكە و یــەك پــەیامییان بەرانبــەر بــە كوڕەكـە، دەلالەتـە لـەوەی كـە پرسـێكی گـەورە و پیرۆز بـوونی هەیـە و بـە دۆڕانـدنی ئـەو پرسـە، هـەموو شـتێك كۆتـایی دێـت. پاكانـەكردن لێـرەدا وەك ئاماژەمان پێكردووە، تەنها پرسێكی تایبەتی و كەسـی نییـە، بـەڵكو پرسـێكە لـە یـەك كاتـدا پەیوەندیـدارە بـە (دایـك _خوشـك_ كـوڕ) بۆیـە هـەر پاكانـەكردنێكی كوڕەكـە، هاوكـات بـە مانـای دۆڕانـــدنی شـــكۆی خێـــزانیش دێـــت. ئەمـــەش پێچەوانەی ئـەو دیدەیـە، كـە بـڕوای وایـە پاكانـە كـردن تـەنێ پەیوەنـدی بـە خـودی كەسـی پاكانـە كـردووەوە هەیـە و ئـازادە لـەوەی بڕیـاری ئـەو پاكانـە كردنـە دەدات یـاخود نـا، وەك ئـەوەی لـە

پـــەراوێزی خوێندنـــەوەی یـــەك دوو وتـــار بـــۆ شــیعرەکە بینیـــنم. کـــە ئەمـــەش پێچـــەوانەی کولتـــووری کۆمەڵایەتییانـــەی عەرەبـــەکان و تەنانەت کۆمەڵگەی ئێمەشە، کە هەمیشە کەسی پاکانـەکردوو، دۆڕاو و شکستخوارد و لـە زینـدان، وەك کەســانێکی بــێ ئــیڕادە، دۆڕاو، ســەرکز و لاتەریك سەیر دەکرێن و فـڕێ دەدرێنـە دەرەوەی بازنـەی کۆمەڵایەتییانـەی ژیـان. خوشـکەکە کـە ئەو هەموو تـێ هەڵدان و ئـازار و ئەتککردنانـەی بینیوە، تەنها لە سۆنگەی یەك کارەوەیـە ئـەویش پاکانە نەکردنی براکەیەتی. هەموو ئەو ئازارانـە، وەك پاداشـتێك دەبینێـت و پێیانـەوە سـەربەرزە، هەروەك دەڵێت:_

## کەچی ئەنجام لە سووچی ڕۆژنامەیەك
## بە پاکانە پڕکردنەوە

**پاداشتەکەم دەدەیتەوە**

**ئەوخەڵکەش بیخوێننەوە**

**هەتا ماوین قێز  و بێزمان لێ بکەنەوە**

تا ئەو ئاستەی براکەی کارەکتەرێکی پاکانە نەکردووە، خوشکەکە ئامادەیی ئەوەی تێدایە، ئەو ئازارانەی بە دەستی جەلادەکانی زیندان بینیویەتی، وەك پاداشت ببینێت و لەوە زیاتریش بەرگە بگرێت. ئەمەش هاوسەنگکردنی پرسی پاکانە و پرسی ئازارەکانی ئەوە، هاوتاکردنی یەکتریانە. بەو مانایەی خوشکەکە ناڕاستەوخۆ بە براکەی دەڵێت ئەگەر تۆ و زیندان نەبوونایە، هەرگیز ئەویش ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی نەدەدیت، بۆیە نابێت بیر لە پاکانە بکاتەوە. بێگومان مێژوویێك لێرەدا دروست دەبێت، کە ئەویش مێژووی قارەمانێکی

زینـدان و خـۆڕاگریی خـۆی و دایـك و خوشـك و خێزانەکەیــەتی. ئــەو مێــژووە لــە زیندانــەوە سـەرهەڵدەدات و هەرلـەوێش بـە نـەمری یـان بـە زەلیلـی کۆتـایی دێـت. چـونکە ئەگـەر براکـەی پاکانــە بکـات، ئــەوا ناپـاکی لـەوانیش دەکـات و ئەگەریش هەر سـوور بێـت لـە سـەر ئـەو ڕێبـاز و بیروبـاوەڕەی هـەڵیگرتووە و بـۆی تێکۆشـاوە و لـە پێناویــدا زینــدانیکراوە، ئــەوا ئـەو مێــژووە بــە نەمریی لەلای هـەمووان دەمێنێتـەوە و ئـەوانیش شـانازی بـەو مێـژووەی کوڕەکـەیان دەکـەن. خـۆ ئەگـەر پێچـەوانەی ئەمـە ڕووبـدات، ئیـدی چـۆن دایك و خوشکەکە ڕووی ئەوەیان دەبێت کە بچنە نێو خەڵك و بژین؟ هەروەك خوشکەکە دەڵێت:_

**به بنی پێڵاوی نەفرەت شەرەفمان بپڵیشێنەوە**
**ئاوا پاداشتی ئازار و شەونخونی من و دایکم دەدەیتەوە**
**چۆن لە ڕووم دێ بچمە لای ئەو خوشکانەی**
**کە چاوەڕوانن تۆڵەی جەرگی سووتاویان بۆ بسێنی**
**وا هاتمە لات لە خۆمی ببیستە کاکە**
**من حەز دەکەم ڕووم ڕەش کەیت و پرچەکانم بقرتێنی**
**بەڵام هەرگیز ناوی پاکانە نەهێنی**

پەیام و گوتاری ئاراستەکراوی خوشکەکەش، هاوشێوەی دایکەکە جەخت کردنەوەیە لەوەی کە براکەی پاکانە نەکات، بەڵکو ئەو چاوەڕوانە براکەی بە خۆڕاگریی و بەهێزی مانەوەی لە زینداندا، تۆڵەی ئەو خوشکانەش وەربگریتەوە

کـە جـەرگییان سـووتاوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پـــەیام لـــە ڕێگـــەی خۆیـــەوە دەگەیـــەنێت و پەیامبەرەکـــە خـــودی خوشـــکەکە خۆیـــەتی. سووربوون لـە سـەر ئـەوەی کـە لـە دەمـی خـۆی ببیسـتیت کـە پاکانـە نـەکات، واتـا ئەمـە بـڕوای کۆتایی و تێگەیشتنی ئەوە و نـابێ پاکانـە بکات. کـاتێ خـۆی پەیامەکـە دەگەیـەنێت، ڕاسـت و دروستی ئەو گەیاندنەی مەبەستە، بـۆ ئـەوەی بـە تـەواوەتی دڵنیابێتـەوە کـە ئـەوەی بـە براکـەی دەڵێـت قسـەی کۆتـایی ئـەوە و هـیچ بوارێـك بـۆ سـازش و گـۆڕینی ئـەو پرەنسـیپانە لای نییـە. ئامانجی یەکەم و کۆتـایی خوشـکەکە لێـرەدا، وەك ئامانجی دایکەکە تـەنها پاکانـە نەکردنـە و بـەس، ئیدی گرنگ نییە ئەو پاکانە نەکردنە بە مـەرگی براکـە خـۆی، بـە ئـازاردانی دایکەکـە خـۆی، بـە ئـەتککردنی خوشـکەکە کۆتـایی دێـت یـاخود نـا.

ئەمانە هیچیان بە بەراوردکردن بە پاکانەکردن، بە ئازار و مایەی لە دەستدانی پیرۆزیەکانی ژیان و شکۆمەندی بوون نین. هەموو ئەو نەهامەتییانەی دایك وخوشك بینیویانە، تەنها لە سۆنگەی پاکانە نەکردنە، بڕوا و چاوەڕوانی ئەوەشیان هەیە، کە ئازاری گەورەتر و بە سوێتر لە داهاتوو ببین، تەنها گوێبیستی ئەوە نەبن کوڕەکەیان پاکانەی کردووە، چونکە ئەوکات نە ڕووی ئەوەیان هەیە بچنە نێو خەڵك، نە شکۆمەندی خێزانی و بنەماڵەیی، نە سەربەرزیی و شانازیکردن بە شوناسی کۆمەڵایەتی و خێزانیانەی خۆیان بۆ دەمێنێتەوە. دایکەکە و هاوکات خوشکەکەش، زۆر بە قووڵی لەو دەرەنجامانە گەیشتوون کە لەو پاکانەکردنە دەکەونەوە، درکییان بە گەورەی ئەو کارە و لێکەوتەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە کردووە، بۆیە

هەردووکییان هاوهەڵوێست، هاو بڕوا دەبن کە ئەوان نایانەوێت کەسێك دوای پاکانەکردن لە زیندان بەر ببێت، بەڵکو دەبێ بە خۆڕاگریی و هاتنەوە بەگژ جەلادەکاندا، مێژوویێك لە نەمری بنووسێتەوە و سەری دایك و خوشکەکەش بۆ هەتا هەتایە، بە بەرزی و شکۆمەندییەوە بهێڵێتەوە. بە پێچەوانەوە ئەگەر پاکانە بکات، شوێنێك بۆ ژیانی ئەوان نە لە زەوی نە لە ئاسمان نامێنێتەوە، وەك ئەوەی خوشکەکە دەڵێت:-

**کاکە چی بکەین؟ بیربکەرەوە کاکە چی بکەین؟**
**مەگەر زەوی قوتمان بدا ؟ مەگەر ئاسمان هەڵمانکێشێ؟**
**ئەگینا چۆن لە ڕوومان بێ دوای پاکانە**
**ڕوو نیشانی خەڵکی بدەین**

خوشـکەکە لێـرەدا، ڕاسـتەوخۆ براکـەی دەخاتـە بـەردەم دوو بـژاردە و ڕێگـەی سـێیەم نییـە، ئـەوانیش یـان بـەربوون بـە پاکانـەکردن، کـە دەبێتە هۆکاری دۆڕانـدن و لـە دەسـتدانی هـەموو شتێکی خوشك و دایکەکـە و دواجار نـە لـە زەوی نـە لـە ئاسمـان شـوێنێکییان بـۆ نامێنێتـەوە، یـان مانـەوە لـە زینـدان و پاکانـە نـەکردن. هەڵبەتـە هێشـتا کـردەی پاکانـەکردن ڕووینـەداوە، بـەڵام خوشکەکە دێنێتە بەرچاوی کـە براکـەی پاکانـەی کردووە، واتا لـە دیمـەنی دووەمـدا، ئەگـەری ئـەوە لە ئارادایە براکـەی ببـەزێت و پاکانـە بکات، ئـەو سات با بـزانین دۆخەکـە چـی لێـدێت؟ ئایا ئـەو پێشــبینیانە و لێکەوتانــەی کوڕەکــەی لێیــەوە ئاگادار دەکرایەوە، کـە بـە هـۆی پاکانەکردنەکـەی

ئەو دەکەونەوە چین؟ بۆیە خوشکەکە لە درێژەی دیالۆگ لەگەڵ براکەیدا، ئەمجارەیان دەڵێت:_

**چۆن لای لایە بۆ تاقانەی خۆت بکەین**
**کە تۆ هەموو گیانت پیسی بێ سەر شۆڕی بێ**
**کاکە ئەگەر ئەوە نیازتە بۆلای ئێمە نەیەیتەوە**

خوشــکەکە، جۆرێــك لــە گومــان و دوودڵــی بــۆ دروســت بــووە، کــە بشــێ براکــەی پاکانــە بکــات و دەســتبەرداری ڕێبازەکــەی بێــت، بۆیــە ئەگــەری ئەوە دا ئەنێت کە ئەم کارە بکات و بە کردنیشی، هــەموو گیــانی دەبێتــە ســەر شــۆڕی و پیســی، هاوکات لای لایە بـۆ ئـەو تاقانەیـەش ناکرێـت کـە منــدالّی زیندانیکراوەکەیــە. خوشــکەکە لــە پەراوێزی ئـەو گومانـەوە کـە بـۆی دروست بـووە، هەست و تێڕوانینی بۆ برازاکەشی دەگۆڕێت، تـا

ڕادەیەك ئەویشی لە بەر چاو دەكەوێت. چونكە دواجار ئەو منداڵە، زادە و میراتی بە جێماوی برایەكە كە پاكانەی كردوو هەمووانی زەلیل و سەرشۆڕ كرد. تووشی هەڵوێستێكی نەنگییانەی وایكردن، ڕووی ئەوەیان نەبێت خۆیان نیشانی خەڵكی بدەن. لێرەوەش خودی منداڵەكە باجی سەر شۆڕی و پیسی باوكی دەدات. چیتر لە تێڕوانینی دایك و خوشكەكەدا، وەك یادگارییەكی گەورە و پڕ بەهای بە جێماوی براكەی تەماشا ناكرێت، ئەویش بە هۆی پاكانەی باوكییەوە، هەتا ماوە دەبێ باجی ئەو هەڵەیە بدات. سەرنج بدەن، چۆن كردەی پاكانەكردنی مرۆڤێك، كاریگەریەتی گەورەی لە سەر بوون و شوناسی خێزان و هەمووان دەبێت كاتێ كەسێك پاكانە دەكات. خۆ بێ بەریكردنی خوشكەكە لە براكەی، دواتر لە برازاكەی، پاشانیش نەمانی پلە و پایەی

کۆمەڵایەتی و خێزانییان بۆ ئەبەد، ئاماژەیە بەوەی پاکانەکردن لە دنیابینی نەوابی ئازادیخواز و دایکەکەش کە نمایندەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەکات، چەند کارێکی نەشیاو و قێزەوەن و بێ بەهایە. کەسی پاکانەکردوو، بەو کارەی هەر تەنها سەری خۆی شۆڕ ناکات، بەڵکو ئابڕووی دایك و خوشکەکەشی دەتکێنێت. بۆیەشە خوشکەکە ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی کە پاکانەکردن، دواجار بە سڕینەوەی ئەو و هەموو شوناسەکانی دیکەش دێت. خوشکەکە ئازارەکانی دەستی فاشییەکانی بەلاوە ئاسایە، بەڵام پاکانەکردنی براکەی نا، لێرەوەش وەك خوشکێك خۆی بێبەری دەکات لەو هەموو سۆز و خۆشەویستیەی کە دەبێ بەرانبەر براکەی هەیبێت و زۆر بێ منەتانە حاشا لە براکەی

دەکات و برایەکی ناوێت کە کەسێکی بێ شکۆ، کەسیەتی و بێ شوناس و مێژووە، بۆیە دەڵێت:_

ئێمە پیاوێکمان بۆ چییە
کە پارچەیە پێشێلکراوی جەریدەیە
هەر بە ڕۆژنامەکەی لای خۆت
بێ ئابڕوویی و سەرشۆڕی خۆت بپێچەوە
هەتا تۆ هەی لە زەڵکاودا بتلێرەوە
بەڵام هەرگیز بۆ لای ئێمە مەیەرەوە
چۆن پاکانە لە گەل دەکەی
ئێمەش هەر وا پاکانە لە ناوت دەکەین
دەڵێین ئەی گەل
ئەم سەر شۆڕە چاوان پڕ لە زەلیلیە
کوڕمان نییە کاکمان نییە کەسمان نییە

پیاوەتی براکەی، تا ئەو ئاستەیە کە پاکانەی نەکردووە، بە پاکانە کردن، خاڵ لە سەر هەموو

شتێك دادەنرێت و پەردەی شانۆیەكە دادەخرێت. چونكە وەك وتمان پاكانەكردن یەكسانە بە لە دەستدانی شەرەف و پیاوەتی، لە دەستدانی ئەوانەش، بە مانای لە دەستدانی شوناسێكی كۆمەڵایەتی و خێزانیانەی ئەوتۆ كە دەشێ بەری دەیان ساڵ دروستكردن بێت. ئەگەر وێنای ئەوە بكەین كە كوڕەكە پاكانە دەكات و سەرەنجام لە زیندان ئازاد دەبێت، ئەوا بە پێچەوانەوە زیندانێكی دیكەی گەورەتر چاوەڕێیەتی، ئەویش گۆشەگیری و لاتەریك بوون و لە دەستدانی ناسنامەی خێزانی و كۆمەڵایەتی خۆی. كەسێك بە پاكانە ئازاد بێت، خۆڕاگر و ورە بەرز نەبێت، ئازادی كەسییانەی خۆی دەباتەوە، بەڵام لە بەرانبەردا، خێزان، منداڵ، دایك و خوشك و كۆمەڵگە و كەسایەتی و مۆراڵ دەدۆڕێنێت. سەرەنجام دەبێتە كەسێكی بێ ئابڕوو كە

کەسـیەتیەکەی پارچـەیەکی پێشـێلکراوی جەریدەیـە. ئـەوانیش مرۆڤێکیـان ناوێـت ئەمـە بارودۆخی بێت، بۆ ئەوان هێمای سەرکزی بێـت و ناوبانگیـانی لەکـەدار کردبێـت. کـاتێ دۆخەکـەش بەمە دەگات، ئیدی زۆر بە بوێری و ڕاشکاوییەوە خوشکەکە پێی دەڵێت، برایـەکییان بۆ چییە کە پارچـەیەکی پێشـێلکراوی جەریدەیـە؟ بۆیـە وا باشـە بـۆ لای ئـەوان نەگەڕێتـەوە، چیتر کـەس و کـوڕی ئـەوان نییـە. پاکانـەکردن هـەر تـەنها دانپیانـانێکی ئاسایی نییـە، هـەر تـەنها خـۆ بـێ بـەریکردن لـە ئەنـدامبوون لـە حزبێکـی سیاسـی نییە لـەو شـیعرەدا، وەك ئـەوەی کەسانێکی سادە تێی گەیشتوون، بە پێچەوانەوە پاکانـەکردن لـەو شـیعرەدا، بـە مانـای هەڵگەڕانـەوە لـە بـیرو بـاوەڕێکی سیاسـی و مرۆیانـە، کـە تێدەکۆشێ لـە پێنـاو مرۆڤـدا، بـە مانـای دەسـتبەرداربوون لـە

ڕەوایەتی پەیامێکی سیاسی، ڕێبازێک و سەنگەرێك کە هەزاران کەس بەو پەڕی بڕوا و شانازییەوە گیانی خۆیان لە پێناو دانا. دواجار بە مانای دۆڕانی ژیان، شوناس و بوونی کۆمەڵایەتییانە دێت. پاکانەی کوڕەکە وەك لەو کۆپلە شیعرییە دیارە، پاکانەکردنە لە گەل، هەر تەنها پاشگەزبوونەوە نییە لە بیرێك، کە مرۆڤ ڕەنگە ئازاد بێت لەوەی هەڵیدەبژێرێت یان ڕەتی دەکاتەوە، بەڵکو کێشەکە لەوە گەورەترە، دەنا چۆن کەسێك هەتا مردن دەبێ لە زەڵکاوی تاواندا بتلێتەوە؟ ئایا مرۆڤێك سەربەرزانە و شکۆمەندانە لە زینداندا بمرێت، باشتر نییە لەوەی بە ناو بژیت و لە زەڵکاوی تاواندا بتلێتەوە؟ ئایا مردنی یەکجارەکی باشتر نییە لەوەی مرۆڤ هەموو ڕۆژێك خۆزگە بە مردن بخوازێت؟ بێگومان وەك باسمان کرد کە نەواب،

ئەو شیعرەی بـە ئاگایـەکی هـزری و شـیعرییانەی قووڵ نووسیوە و بە مەبەست کارەکتـەر و شوێن و فـەزای دەقەکـەی دەست نیشانکردووە. چونکە زۆر پرسیار لەو دەقەدا بۆ خوێنەر مایەی کردنن و لـــە پەراوێزیانـــەوە دەیـــەوێت بـــە وەڵامەکانییانـــەوە بگـات. بـەو پێیـەی شـاعیر، وەڵامی ئەو پرسیارانەی بە پـەنهانی هێشتۆتەوە. بـۆ نموونـە: بـە درێـژایی قەسیدەکە، بـاوك هـیچ ئامادەیـەکی نییـە، تـەنها دایـك و خوشـکەکە لـە دیالۆگ دان لەگەڵ کوڕەکەیان. دەکرێ لێرەدا ئـەو پرسیارە بکەین، بۆچی باوك لـە ژیـانی کوڕەکـەی و لە نێو شیعرەکەدا هـیچ ئامادەیـەکی نییـە؟ تـۆ بلێی ئەمە هەر لـە خـۆوە بێـت و ڕێکـەوت بێـت؟ یان شاعیر بە مەبەست ئەمـە دەکـات؟ بـە بـڕوای مـن، نـەواب مەبەستی بـووە پێگەیـەکی بـەرز لـە ڕووی کۆمەڵایـەتی و پـەروەردەیی و ڕەگەزییـەوە

بە ژن بدات. بۆیە دایك و خوشكەكە وەك هێمای خۆڕاگریی و ئیرادە نیشان دەدات، كە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی وزە و توانا و هێز و مانەوەی كوڕەكەشن. نەواب مەبەستی بووە، ڕۆڵی ڕەگەزی مێ لە تێكۆشانی سیاسی عێراقییەكاندا، بە تایبەتیش كە زۆرینەیان لە ڕیزەكانی حزبی شیوعی خەباتییان دەكرد، پیشان بدات. دەیەوێت، هاوسەنگی و هاوتایەك لە شوناس، لە نێوان هەردوو ڕەگەزەكە دروست بكات و لە پاڵ ئەمانەش، كوڕەكە دەكاتە وانە و نمایندەیەك بۆ ڕەگەزی نێر بە گشتی، كە بیر لە پاكانە نەكەنەوە و كوڕەكەی دەكاتە فاكتێك بۆ ئەوەی لە بارەی پرسی پاكانە و لێكەوتەكانی هزری پیاوان بدوێنێت، تەنانەت بە باوكی كوڕەكەی خۆشییەوە. بۆ ئەوەی هەمووان درك بەوە بكەن، كە پاكانەكردن و پاشگەزبوونەوە لە بەها و بیرو

باوەڕێکی پیرۆز، چەند نەنگییە لەکولتووری کۆمەڵایەتییانەی ئەوان و چۆن پاکانەکردن بە دۆڕاندنی هەموو شتێك کۆتایی دێت. لەلایەکی دیکەوە، لە کۆی دەقەکە، کوڕەکە هیچ قسەیەکی نییە، گەرچی لە نێوان دووانەی دیالۆگی نێوان دایك و خوشکەکەش دایە. ئەمەش دیسانەوە ئەو پرسیارەمان لادروست دەکات، کە بۆچی نەواب، هیچ ڕۆڵێکی قسەکردنی بە کوڕەکە ئەگەر بە یەك تاکە قسەش بێت نەداوە؟ لە ڕاستیدا ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە پاکانەکردن، کارێکە هیچ جۆرە قسە و گفتوگۆیەك هەڵناگرێت. بە دەربڕینێکی تر، پاکانە، شیاوی ئەوە نییە گفتوگۆی لە سەر بکرێت بەتایبەتی لەو کاتدا، چونکە کارێکە لە دەرەوەی ئادابی کۆمەڵایەتی و گشتی و هیچ کاتێك و بە هیچ پاساوێك، نابێ پاکانەکردن بکرێت. بۆیەشە شاعیر دەرگای

بەرگریکردن لە خۆی، گفتوگۆ و قسەی بە ڕووی کوڕەکەدا بە جۆرێك قفڵ داوە، کە هەرگیز نەکرێتەوە. هەمیشە بە سرووشت ئەو بابەت و پرسانە شیاوی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیرو ڕاو قسە لە سەرکردنن، کە بواری قسە لە سەر کردنیان هەیە، بەڵام پاکانە کردن، پرسێکە بە هیچ شێوەیەك جێی قسە لە سەرکردن و ڕوونکردنەوە نییە، بۆیەشە بە درێژایی شیعرەکە، کوڕەکە لە دۆخی بێ زمانی و قسەنەکردن دەمێنێتەوە و تەنها دایك و خوشکەکە دەدوێن و قسەی لەگەڵ دەکەن. نەواب بەو زمانی ئاماژەیە، پرسی پاکانە و لێکەوتەکانی بۆ هەمووان دەردەخات. نیشانی دەدات کە کاتێ زیندانیکراوێك ناپاکی لەگەل و نەتەوەکەی دەکات، یان بە پاکانەکردن ئازاد دەبێت، چۆن هەموو شتێك دەدۆڕێنێت و

شوناسێکی ڕووشاوی کۆمەڵایەتییانە وەردەگرێت، کە ڕووی ئەوەی نەبێت، کە نەك هەر خۆی بێتەوە نێو بازنەی کۆمەڵایەتییانەی ژیان، بەڵکو دایك و خوشك و خێزانەکەشی، ڕووی ئەوەیان بۆ هەتایە نەبێت سەر لە ڕووی هەمووان بەرز بکەنەوە. بێدەنگی کوڕەکە لەو شیعرەدا، بوار نەهێشتنەوەیە بۆ ئەوەی کە پاکانە، کارێکە بە هیچ شێوەیەك مایەی قسە لە سەرکردن نییە و ڕێی تێ ناچێت بکرێت. بۆیەشە بە درێژایی شیعرەکە، کوڕەکە بە بێدەنگی دەهێڵێتەوە و نایخاتە نێو بازنەی گفتوگۆکانی نێوان دایك و خوشکەکە، ئەمەش دەلالەتە لەوەی کە بە شێوەیەکی ڕەها و کۆتایی هەر لە بنەڕەتەوە پاکانەکردن کارێکە نەك نابێ بکرێت، بەڵکو بە خەیاڵیش بیری لێ بکرێتەوە. دواجار دەڵێین، ئەم شیعرەی نەواب، یەکێکە لە جوانترین ئەو

شـــيعرانەی كـــە مـــرۆڤ دەخاتـــە بـــەردەم بەرپرســـياريەتيەكی ئاكـــاريی و نەتـــەوەيی گەورەوە، كە بە ئاسانی سازش لـە سـەر خـەبات و ديـدگای سياسـيانەی خـۆی نـەكات، جۆرێـك لـە دادگاييكردنی مرۆڤی تێدايە، بەوەی كە كاتێ بير لە پاكانـە كـردن، سـازش و ناپـاكی دەكاتـەوە، بـە تايبـــەتيش لـــە نێـــو كۆمەڵگـــە ميللـــی و خێڵەكييەكانـدا، چارەنووسـی خـۆی و خێـزان و ئێڵەكـەی چـی دەبێـت، چـۆن هـەموو شـتێك لـە سەروبەندی ئەو پاكانە كردنەوە دەگۆڕێت ؟ ئايـا مرۆڤ شتێك لە دەست بـدات، يـان هـەموو ژيـان و هەموو شتێك لە دەست بدات؟ لە نێـوان ئـەو دوو بژاردەيـــەدا كاميـــان هەڵدەبـــژێرێت؟ نـــەواب ئەگەرچی بە شاعيرێكی ميللی، كە شيعرەكانی بە زمـانێكی ميللييانـەو ڕەوان دەنووسـێت ناسـراوە ، بـەڵام بـە بـڕوای مـن وەك خوێنـەرێك، دەقـی

پاکانەی، بەو پـەڕی هزریـی و ئاگایی شـیعرییانە نووسیوە و مەبەستی بووە لـەو ڕێیـەوە پـەیامێك بگەیێنێت، کە شوێنی خۆی بگرێـت. ئـەم شـیعرە، چەند ڕەنگدانەوەی دۆخێکی سایکۆلۆژیی و بـاری هەستەکیانەی ناخی شاعیرە، لەوە زیاتر ئامـاژە و پەیامێکی قووڵی هزریانەی هەیە. چونکە ئـەوەی لە بونیادی هونەری ئەو شیعرەدا دەبینرێت، هەر تەنها چەند وێنەیەکی شیعری، دیـالۆگێکی سـادە، ڕوووداوێکـی ئاسـایی نییـە، بـەڵکو وەسـتانە لـە ئاست پرسێکی سیاسی و مرۆیـی و شۆڕشگێڕیی گەورە، کە دەشێ چارەنووسی مرۆڤێك و تەنانەت نەتەوەیەکیشی پێوە بەنـد بێت. نـەواب کـە بـەو شێوەیە پاکانە دەکاتە تیمەیەکی شیعری، هاوکات دایك و خوشك، بێ ئامـادەیی بـاوك دێنێتـە نێـو شیعرەکە و زیندانیش دەکاتە سەکۆی ڕووداوەکان لــە نێــو شــیعرەکەیدا، بێگومــان هەڵەیــەکی

گەورەیە، پێمان وابێت هەموو ئەمانە، ڕێکەوتن و لە دنیابینییێکی میللییانەوە سەریان گرتووە. بە پێچەوانەوە، نەواب دەزانێت چی دەڵێت، باسی چی دەکات، ڕووی لەکام مرۆڤ و کولتوور و کۆمەڵگەیە، لەوە زیاتریش درك بە کردەی پاکانەکردن دەکات و دەزانێت مرۆڤی پاکانەکردوو، هەڵگەڕاوە لە ڕێبازێکی پیرۆز، چەند مرۆڤێکی بێزراوی کۆمەڵایەتییە. نەواب مەبەستی بووە، ئەو مۆدە سیاسییە ڕەت بکاتەوە، کە دەسەڵاتداران لەوکاتدا، وەك فشار لە دژی شیوعیە قارەمانەکان پەیڕەویان دەکرد، بەوەی کە دەبێ پاکانە بکەن و واز لە حزبی شیوعی بێنن. بۆیەشە مەبەستی لە پاکانەکردن کردەیەکی کەسی نییە، بەڵکو گشتییە، بەو مانایەی کارەکتەری شیعرەکە لێرەدا، هەر تەنها گوزارشت لە خۆی ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتی

هـــەموو ئەوانـــە دەکـــات کەلـــە ژێـــر فشـــاری پاکانەکردن دانە و لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سیاســـییانەی قـــورس دان، کـــە ئـــاخۆ دەتـــوانن ســـەربەرزانە لێـــی دەربچـــن، یـــانیش بـــە پاکانـەکردنێك کۆتـایی بـە هـەموو شـتێك دێـنن. شـاعیر لێکەوتـەکانی پاکانـە لـە سـەر خێـزان، لـە ڕووی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە دەخاتـە ڕوو، کـــە چـــۆن لـــە کولتـــووری کۆمەڵایەتییانـــەی کۆمەڵگـەدا، پاکانـەکردن ڕەت دەکرێتـەوە و بـە کارێکی شەرمهێنەرانە و بێ بەهایانـە دەبینرێـت و کەسی پاکانەکردوو، شوێنێکی لە ژیان و لە نێو بازنـە کۆمەڵایەتییەکـە نامێنێتـەوە. ئەگـەر بـە ڕاستی و لۆژیکیانـەش لـەو بابەتـە بـڕوانین، ئـەوا بە ئێستاشەوە لە نێو کۆمەڵگەی ئێمـەدا، مرۆڤـی پاکانـەکردوو لـە زینـدانـدا، بـە چـاوێکی دیکـەی کەمتر و هەنـدێ جار زۆر بـێ بەهایانـەش سـەیر

دەکرێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و مێژوویێکی ڕەش و ناشرینی هەیە، کە زەمەن نایسرێتەوەو لەبیری هەمووانی ناباتەوە. ئەمە واقیعێکە و دەبێ دانی پێدا بنێین. مەگەر کەسانێك نەیبینن، کە شارەزای تایبەتمەندییە کۆمەلأیەتییەکانی کۆمەلگەی خۆیان نین، کە چەند جیاوازیەکی گەورە و جەوهەری لە نێوان کولتووری ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا، لە بارەی ئەو کردەیەوە هەیە و خوێنەوەیان وەك یەك، لە تێنەگەیشتن و بێ ئاگایەوە لەو هەموو جیاوازییە کولتووری و کەسی و خێزانی و پەروەردەیە کە لە نێوان خۆرهەلأت و خۆر ئاوا هەیە، سەرچاوە دەگرێت. دواجار دەڵێین دەقی پاکانە، یەکێکە لەو دەقانەی مرۆڤ لە سەر ڕێبازێك پەروەردە دەکات، کە هەرگیز بیر لە پاکانەکردن نەکاتەوە، بەڵکو بیر لە مێژوو ،

داهاتوو، نەمری و ژیان بکاتـەوە. وەك ئـەوەی بـە مەرگی نەوابیش، بۆ هەتا هەتایە، شیعری پاكانـە دەمێنێتـەوە، چـونكە دواجـار ئـەوەی دەمرێـت شاعیرە، نەك شیعر.

**سەدیق سەعید ڕواندزی، لە ساڵی ١٩٧٢ لە ڕواندز لە دایك بووە، دەرچووی بەشی کوردی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانە لە هەولێر . ئێستا وەك مامۆستای قۆناى بازنەی یەکەمی بنەڕەتی، لە گوندی کەڕەکی دۆڵی ئاکۆیان خزمەت دەکات.**

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:_

* زمان و شێوەزارەکان/ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی.
* سێبەری وشە/ کۆمەڵە وتار.
* ڕوانینێك لە پەنجەرەی شیعرەوە/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.
* شاعیرێك لە نێوان مەرگ و ژیاندا/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.
* گەران بە دوای جیهانێکی دیکەدا/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

⋆ لــه غوربــەتی شــوێنەوە بــۆ غوربــەتی ڕوح/ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

⋆ لەو دیو پەیڤەکانەوە/ لێکۆلینەوەی ئەدەبی.

⋆ پەیڤــەکان دەدوێــن/ خوێندنــەوە و ڕانــانی کتێب_ کتێبی یەکەم.

⋆ پــەروەردەی ڕوانــدز لــە دە ســاڵەی تەمەنیــدا/ ناساندن.

⋆ لــە ســێبەری کتێبــدا/ خوێندنــەوە و ڕانــانی کتێب_ کتێبی دووەم.

⋆ کۆرۆنا/ کورتە وتارلە بارەی کۆرۆناوە.

⋆ چالاکییەکانی پەروەردەی ڕواندز/ بیبلۆگرافیا.

⋆ دیدی باو/ لێکۆڵینەوەی شیعریی.

⋆ لە پێناوی پەروەردەدا/ وتاری پەروەردەیی.

ئامادە بۆ چاپ:

⋆ ڕۆمان و ڕەخنە / ڕەخنەی ڕۆمان.

⋆ هارمۆنیـای وشـەکان/ ڕانـانی کتێـب_ کتـێبی سێیەم.

⋆ خـۆم بـە خـۆمی دەکـەم تـیر بـارانم کـەن/ ئەزموونی نووسین.

⋆ ئاگایی شیعریی و مەجهولی شیعریی/ ڕەخنەی شیعر.